# خوێندنەوەیەک بۆ گۆڤاری «حوار العرب»

# کورد لە گۆشە نیگای هەندێ عەرەبی شۆفێنییەوە

**بەردەوام تێروانینی عەرەب بۆ نەتەوەی کورد لە مێژوودا تێروانینێکی بە ویژدانانە نەبووە، هەمیشە نکۆڵییان لێکردووە ئەوەی لەم مانشێتەدا بەرچاو دەکەوێت لەوانەیە لە فۆرمدا سەرنج ڕاکێش بێت بەڵام لە ناوڕۆکدا هەڵگری گوتارێکە کە لێواولێوە لە ڕەدکردنەوە و بە ئەفسانەکردنی دیرۆکی کورد.**

**گۆڤاری «حیوار العرب» لە ژمارە ١٨ی ئایاری ٢٠٠٦ دا تەوەرێکی کردۆتەوە و بە ناونیشانی**

**«کورد لە گۆشە نیگای عەرەبەوە» بەر لەوەی باسی بەشدارانی تەوەرەکە بکەم پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم گۆڤارە لەلایەن «مؤسسە الفکر العربی»یەوە لە بەیروت دەردەچێت.**

**تەوەرەکە ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە.**

**١- چانسی کورد و نە هامەتییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا د. محەمەد ئەلرمیحی.**

**٢- دیدی عەرەبێکی بە ویژدان بۆ دۆزی کورد- د. مونزر ئەلفەزڵ.**

**٣- کوردەکان یان دەوڵەتی مەحاڵ- د. نەسیم خوری**

**٤- کوردەکان و فیدراڵییەت و ئاییندەی عێراق... خورشید عەلی.**

**٥- کوردەکان و شەپۆلەکانی ئیسلامی سیاسی.. ئازاد ئەحمەد عەلی.**

**٦- لوغزی کوردی لە گۆشەنیگای عەرەبییەوە... تەها خەلیل**

**٧- کوردەکان لە زاراوە و تێروانینی عەرەبیدا... د. مستەفا ئەلجوزو.**

**٨- کێشەی کوردەکان لە سوریا...عومەر کوس**

**٩- کوردەکانی تورکیا**

**١٠- کورد لە مێژوودا...ژمارەیەکی قورس.. د.قوسەی ئەلحسەین.**




**خوێندنەوەی/نامق هەورامی**
**namqhawramy@hotmail.com**

### سەرەتایەک...

لەم ژمارەیەدا وێڕای ئەوەی چەندین دیدی شۆڤێنی بەرامبەر کورد دەربڕاوە بەڵام دیدی عەرەبی بە ویژدانیشیی تێدایە وەک د. مونزر ئەلفەزڵ و پێشتر دەقی وتارەکەی بە چوار ئەڵقە بە زمانی کوردی لە گۆڤاری گوڵان بڵاو کردۆتەوە، هەروەها ئێمە دەزانین هاوشێوەی دیکەی د. مونزر ئەلفەزڵ و د.کازم حەبیب و نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەب هەن کە بە دیدێکی ڕاستی و واقیعی سەیری مێژووی کورد دەکەن، بەداخەوە ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە تا ئێستاش کە ئێمە بەردەوام ڕێزی

ئەو خەڵکە بە ویژدانەمان زۆر بەرز ڕاگرتووە بەڵام لەم ژمارەیەی گۆڤاری «حیوار العرب» کە بە حیساب تەوەرێکی بۆ تێگەیشتنی خوێنەری عەرەب کردۆتەوە، چەند بابەتێکی لە خۆی گرتووە کە سووکایەتی بە مێژووی نەتەوەیەک دەکات هەربۆیە لە کۆی ئەوبابەتانە هەوڵ دەدەم کار لەسەر دوو لەو وتارانە بکەم ئەویش «کوردەکان لە زاراوە و تێروانینی عەرەبیدا» و «کوردەکان یان دەوڵەتی مەحاڵ»

لەم دوو وتارەدا گرنگترین تێروانینەکان باس دەکەین بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێت تێروانینی عەرەب بەرامبەر بەو مەسەلانە




چۆنە...

**کوردەکان لە زاراوە و تێڕوانینی عەرەبدا**

**مستەفا جوزو**
**توێژەر و مامۆستای زانکۆ**

کاتێک یاقوتی حەمەوی باسی وشەی کورد دەکات جیاوازە لەوەی ئەمڕۆ بەکاردێت بەتایبەت لە عێراقدا لای حەمەوی بە واتای سیستمی کۆمەڵایەتی کورد دێت نەک بە واتای نەتەوە چونکە کوردەکان هۆزن نەک نەتەوە، ئیبن حائکی هەمەدانی نیشتیمانی کوردەکان دیاریدەکات کە لە چیای جودی لە نزیک تکریت لە خۆرئاواوە و ئەرمینیا لە باکوورەوە و لەنێوان مووسڵ و خۆراساندان و کەس تێکەڵاوییان ناکات لەو ناوچانەدا جگە لە هۆزی «بەنوشییان»ی عەرەب و خزمەکانیان.

لەو نەخشە گریمانەییەی کە جوگرافیستەکان کێشاویانە ئەمڕۆ ئەو شوێنەی پێی دەگوترێت کوردستان لە ڕۆژئاوای تورکیاوە درێژدەبێتەوە و بە باکوری سوریادا دەڕوات و دێتە باکوری عێراق و

شۆڕ دەبێتەوە لە سنووری ئازەربایجانەوە بۆ کەنداوی فارسی لە ئێراندا.

کە دەڵێم نەخشەی گریمانی لە بەر ئەوەیە کوردەکان دەوڵەتێکیان


ئیبن خەلدون




نییە لەسەر نەخشە، هۆزەکانی کورد هەندێک جار چوونەتە دەرەوەی ئەو سنورانە و هەندێ جار سنوورەکانی سەر نەخشەکەیان لەدەست داوە لەبەر ئەوەی ئەوان نەتەوە نین بە مانای نەتەوە.

**کورد، فارسی قەرەجن**

تەبەری کوردەکان بە فارسی کۆچەر دەناسێنێت و ئەم وتەیەش ئیبن کەسیر دەیگێڕێتەوە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب کە لێی دەگێڕنەوە و گوتوویەتی کوردەکان نەمرودیان هانداوە لەسەر کوشتنی ئیبراهیم پێغەمبەر و هاوەڵانی.

تەبەری دەڵێت ئەردەشێر و کیسرای ساسانی کوردبوون و خوشکی بهرام ناوی «کوردیە» بووە بەمەش یانی کورد و فارس یەک شتن.

ئیبن خەلدونیش کورد دەچوێنێ بە «بەدو»ی عەرەب، ئەوانەی دێنە گیانی خەڵکی شارەکان وەک دڕندەی سامناک، ئەوانەی نیشتمانیان نییە و لە کوێرە دێ و دەواردا دەژین و ئەوانە پەلاماری شوێنی تر دەدەن و لە چنگ خەڵکەکەی دەسێنن.

گەشتیارە ئەوروپاییەکانیش کە لە سەدەی نۆزدەدا هاتوون کوردەکان بە وەحشی دەناسن.

**فتوحاتی ئیسلامی وگرفتی کورد**

موسڵمانان لە ساڵی ١٥ی کۆچیدا گەشتنە حەشارگەی کوردەکان، ئەویش لەسەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا بوو. پاش دوو ساڵ «هورمزان»ی گەورە پادشای عەجەم هەڵگەڕایەوە، کوردەکان پشتیوانییان کرد لە ڕوبەڕووبوونەوەی موسڵماناندا.

لە ساڵی ٢٢ ی کۆچیدا موسڵمانەکان، شارەزور تا ئازەربایجانیان داگیرکرد ئازاد کرد و زۆر کوردیان کوشت.

لە ساڵی ٢٣ی کۆچیدا موسڵمانان فارسەکانیان گەمارۆدا لە ناوچەی «فسا» وهانایان بۆ کوردەکان برد لە دژی موسڵمانان و تەنگەتاویان کردن.

کاتێک ئەبوموسای ئەشعەری بۆ گەشتن بە بەسرە بە ڕێکەوت، کوردەکان ڕێگەیان لێگرت.

**ساڵی ٢٥ی کۆچی کاتێک موسڵمانان داوایان لە هەندێ لە هۆزە کوردەکان کرد ئیسلام بن لە سوپای موسڵمانان ڕاپەڕین و سوپای موسڵمانیش لەناوی بردن**



ئەردەشێری بابەک

سالّی ٢٥ی کۆچی کاتێک موسلّمانان داوایان لە هەندێ لە هۆزە کوردەکان کرد ئیسلام بێن لە سوپای موسلّمانان ڕاپەڕین و سوپای موسلّمانیش لەناوی بردن.

سالّی ٢٩ی کۆچی ئەلحەرەبن بن ڕاشد ئەلناجی» چووە ولاّتی فارسی بۆ سەرکوتی ئەو کوردانەی ئامادە نەبوون جزیە بدەن و بەسەریاندا سەرکەوت، جارێکی تر لە سالّی٤٣ی کۆچی لە ئیسلام وەرگەڕانەوە و سالّی ٧٧ی کۆچی پشتیوانی «سەفەوییەکان» یان کرد لە حەلوان.

سالّی ١٤٨ی کۆچی لە ویلایەتی موسلّ بلاوبوونەوە و فەسادیان لەو ویلایەتەدا دەکرد «مەبەستی کوردە» تا خالیدی کوڕی برمک لێیان ڕاپەڕی و سەرکوتی کردن، دوو بارە سالّی ١٥٨ی کۆچی لەگەلّ تەواوی خەلّکی موسلّ و جەزیرە ڕاپەڕین و خالید جارێکی دیکە سەرکوتی کردنەوە و سالّی ٢٢٤ یاخی بوون دژی موعتەسەم بیللا و کاتێک سوپای ئیسلام بۆیان ڕۆشت سەرۆکەکەیان بەناوی جەعفەری کوڕی فهرجس لە بەرزاییەک لە چیای «داسن» خۆی شاردەوە و سوپای موسلّمانان گەشتنە سەری و زۆریان لێکوشتن سالّی ٢٥٢ی کۆچی لەگەلّ عەرەبە بەدوەکاندا هاوپەیمانییان کرد دژی موسلّمانان و یەعقوبی سەفار سوپایەکی لە «سەعلوک»ەکان «سەعلوک لە

**ئەیوبییەکان هیچ زمان و زاراوەیەکی کوردییان نەزانیووە، خۆیان و باو و باپیرانیان بە عەرەب زانیووە**

زمانی عەرەبیدا بەوانە دەگوترێت کە هۆز و تایەفەیان نییە و خۆیان دەدەنە پالّ هۆزەکانی تر.. وەرگێڕ» دروستکرد و سەرکوتی کردن.

بەردەوام ئەوان «مەبەستی کوردە» لە یاخیبوون و سەرکێشی بەردەوامدابوون و هەمیشە هاوکاری و پشتیوانی یاخیبوون و هەلّچوونەکانیان کردووە و وەک سوپایەکی بەکرێگیراو و سەعلوک و بەدو دژی سوپای ئیسلام جەنگاون و لێی هەلّگەڕاونەتەوە و چوونەتە ڕیزی موسلّمانە توندڕەوەکانی وەک «خەواریج» و «یەزیدییەکان» و لێرەوە تێدەگەین کە بنەچەی ئەوانە لەو کەسانەیە کە موئامەرەیان لە ئیبراهیم پێغەمبەر و هاوەلاّنی کرد چونکە ئەوانە ئەعرابن «والاعراب اشد کفرا ونیفاقا»...ئەوانە هێمای شەڕ و فەسادن لە وێناکردنی مێژوونووسانی ئیسلامدا.

### پێویستی ناسنامەی نیشتمانی

سروشتی کۆچەری بونیان وا دەکات ناسنامەی نیشتمانییان نەبێت تەبەری دەلّێت خەلّکی «ڕەی» کە ناوچەیەکی شاخاوییە دەلّێت کوردەکان بە هەموو ولاّتێک ڕازی نین کە بیکەنە گوند»

وشەی کورد واتە کۆمەلّێک لە کۆمەلّگەدا و ئەمەو واتای ئەتنیکی و نەتەوەیی نییە بەو مانایە دێت کە بلّێین «خەلّکی چیا یان خەلّکی خاوەن ڕیتمی تایبەتی کەلتوورییان نییە، لەنێوان عێراق و ئێران تورکیا و سوریا و ئازەربایجاندا دەژین، لەم ناوچانەدا هاتوچۆ دەکەن، ئەمڕۆ هەندێکیان لە لوبنان دەژین، ناوچە و خاکێکی پێکەوە لکاویان نییە، هاوولاّتیی گەڕۆکن لە ولاّتانی عەرەبیدا پێیان دەگوترێت کوردە عەرەبەکان، لە تورکیا کوردە تورکەکان، لە ئێران کوردە ئێرانییەکان و لە ئازەربایجان بە کوردە ئازەرییەکان ناسراون.

کۆچەرییەتی کوردەکان وەک کۆچەرییەتی عەرەبەکان نییە کە لە بیاباندا دەگەڕێن بە دوی ئاو و لەوەڕدا، لە بارەی ئەوانەوە «کوردەکان» لە فارسیدا وەک ئیبن مەنزور باسی دەکات بە مانای «ئاودێر»دێت.

### زمان و زاراوە و پیتەکانیان

ئاساییە کە کوردەکان زمانی ئەو ولاّتانە بەکار دەهێنن کە تێیدا دەژین «تورکی و فارسی و عەرەبی و ئازەری» و ئەمەش کاری کردوەتە سەر زمانی خۆیان.

شارەزایان لە زمانی کوردیدا دەلّێن ئەم زمانە لە خێزانی زمانەکانی ئێرانییە، دوو زاراوەی بنەڕەتییان هەیە، زاراوەی باکور «مەبەستی کرمانجی



ژورووە- وەرگێڕ» کوردەکانی تورکیا و سوریە و باکوری عێراق و قەوقاز بەکاری دەهێنن.
زاراوەی باشوور یان خواروو «مەبەستی کرمانجی ژێرییە- وەرگێڕ» کوردەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق.
زاراوەی ناوخۆیشیان هەیە وەک بۆتانی لە تورکیا و بادینی لە باکوری عێراق و موکری لە سلێمانی و دوملی و زازا لە دەرسیم و دیاربەکر لە عێراق و ئێراندا کوردەکان پیتی عەرەبی و لە تورکیا و سوریا پیتی لاتینی و لە قەوقاز پیتی سلاڤی بەکار دەهێنن چونکە کۆچەرن.
بە مانایەکی تر ئەوانە نەخوێندەوار و ئەدەبی نوسراویان نییە بە زمانەکانی خۆیان و و لانی کەم ئەدەبی هاوبەشیان نییە و لە هەرجێگەیەک نیشتەجێ بن زمانی ئەوێ بەکار ئەهێنن بەتایبەت لە وڵاتانی عەرەبیدا.



عەرەبی بەدو

## دەوڵەتی ئەیوبی عەرەبی

ئەوان هەرگیز دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبووە، ئەیوبییەکان پەیمان و سۆزیان بە دەوڵەتی عەباسی داوە، نوسراوەکانیان بە زمانی عەرەبی بووە، عەمادی ئەسپەهانی نووسەری سەلاحەدین و هاوڕێی لە گشت هێرشەکاندا مێژووی ئازادکردنی قودسی لەلایەن سەلاحەدینەوە بە عەرەبییەکی ڕەوان نوسیووە، ئەمە وێڕای چەندین کتێبی ئەدەبی کە ناودارترینیان «خریدە القصر و جریدە اهل العصر» ، بەهائەدینی کوڕی شەداد قازی سوپاکەی سەلاحەدین و قازی حەڵەب ژیاننامەی سەلاحەدینی بە عەرەبی نوسیووە و لەو سەردەمەدا چەندین شاعیری عەرەب و عەرەبی نووس دەرکەوتوون.

## کوردەکان عەرەبی هاوچەرخن

ئەیوبییەکان جیاوازییان لە نیشتمانی عەرەب نەکردووە، هیچ زمان و زاراوەیەکی کوردییان نەزانیووە، خۆیان و باو و باپیرانیان بە عەرەب زانیووە و بەشێکی گرنگی حوکمڕانی عەرەب و لە زمان و ئەدەب و مێژوو و شارستانییەتی عەرەبیدا دیارن.

## تێڕوانین:

لێرەدا لێکۆڵینەوەکەی ئەلجوزو تەواو دەبێت بەڵام ڕاستییەکی گەورەمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش گەشتنە بەو ڕاستییەی ئەوەی کە ئەمڕۆ لە دژی کورد دەکرێت ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی هەیە و لەو ڕۆژانەوە تا بە ئەمڕۆ بەو جۆرە نەتەوەیەکی چەند هەزار ساڵە وێناکراوە لەبەرچاوی عەرەب هەربۆیە لەو مێژووانەدا کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتوون بەو جۆرە قەتڵ و عام کراوین، بێگومان ئەنفال و دەرهاوێشەتەکانی زادەی هەمان عەقڵییەتن بۆیە لێرەدا بوار دەمێنێتەوە بۆ گفتوگۆکردنی پسپۆڕانی ئەو بوارە، ئەوەی لە سەرەوە بینیمان تێڕوانیبنی عەرەب بووە لە ڕابردوودا بۆ کورد و ئەمڕۆ پسپۆڕێک دێت هەمان مەسەلە دەخاتەوە نێو زهنی خوێنەری عەرەب.

## کوردەکان یان «دەوڵەتی مەحاڵ»

**د. نەسیم ئەلخوری نووسەر و لێکۆڵەری سیاسی- لوبنان لەم بابەتەدا بەم جۆرە لە دەوڵەتی کوردی و خواستەکانی دەڕوانێ**

مەسەلەی کورد جێگەیەکی جیهانیی دیاریکردووە و سەرنجی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕاکێشاوە، شتێکی تازە نییە، ئەوان خەونێکی لە مێژینەیان هەیە، کۆمەڵێک خەڵکن لە باکووری تارانەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست خەونێک کۆیان دەکاتەوە، ئەو خەونە خەونی دەوڵەتێکی کوردییە، لەوانەیە بێتەدی بەڵام لەسەر ئەم جوگرافیا پارچە پارچەیە نا... ئەم خەونە تازە بویەوە کاتێک وشەی نەتەوە لەناو کوردەکاندا دەرکەوت و بووە مایەی ئاڵۆزی نێوان ئەوان و ڕژێمەکانی ناوچەکانیان.
دەستەیەک لە «کەمینە ڕوخاوەکان» لە مێژوودا دەرکەوتن کە ڕاهاتوون لەسەر شکست و وایکردووە سڵ لەسەربەخۆیی بکەنەوە بۆ هەتا هەتایە، جوانترین ناونیشانی بۆ ئەم مەسەلەیە بەشێکی کتێبەکەی «جوناثان راندل»ە لە بارەیانەوە کە بە «وڵاتی هەزاران شۆڕش و هەزار حەسرەت» ناویان دەبات، بە واتایەکی تر وڵاتێک لە دۆخی ڕاپەڕینی بەردەوامدا دەژیت و شکست بەردەوام یاوەریەتی.
ئەوەش باشترین پێناسەیە بۆ «نەتەوەیەک» کە ماندوو و سەرسامی میتۆلۆژیای سیزیف، بەردی خۆزگەکەیان بە هەزار دەردە سەری و بە چەندین شێوە پاڵ دەدەن و یەکسەرا خلۆر دەبێتەوە. بەمجۆرە ناتوانن قەرەبووی شکستەکانیان بکەنەوە لە مێژوودا ناچارن بە کەمترین قەرەبووی سیاسی قایل دەبن.
«دەوڵەت» و «نەتەوە» لای ئەوان دوو چەمکی بەردەوام چەسپاون لە زهنی کوردەکاندا و وای لێکردوون بەردەوام بە یاخی بوون و تووڕەیی هەوڵی چەسپاندنی بدەن.
ئەمە بۆمبێکی تەوقیت کراوە،

**دەرخستن و باسکردنی «دەوڵەتۆکەی کوردی» دەنکۆکەی درەوشاوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەیە، بەڵام ئەمە سەختە لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەیە بەڵام ئەمە سەختە لە نەخشەی سیاسیدا**



فتوحات

## هێنانی ئیسرائیل لەلایەن کوردەکانەوە هەوڵدانە بۆ جیابوونەوە لە عێراقی عەرەبی

سەرباری ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان لەوەدایە هەرساتێک بگونجێت بتەقێتەوە.

واقعی کوردەکان کامەیە؟ بۆچی دەوڵەتەکەیان بە مەحاڵ مەحکوومە لە کاتێکدا بارودۆخی گشتی ئاماژە دەرە بۆ ترسێک لە مێژوودا لەسەر ناوچەکە، ئایندەیان چۆنە؟ ڕووخساری ئەو دۆسییە کۆن و بەردەوام نوێیە چییە؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاری تر بدەینەوە پێویستە تەماشای کوردەکانی عێراق بکەین بەتایبەت لە گۆشە نیگای ئامادەیی ئیسرائیل لە عێراقدا چونکە دەرهاوێشتەکان بەو ئاقارەدا دەڕۆن کە ترسێک دێتە ئاراوە کە هاوارێک لە جەستەی عەرەبی بەرز بکاتەوە بەبێ جیاوازی لە نێوان وڵاتێک و وڵاتێکی تردا و ئەمەش دەبێتە هۆکاری پاساو هێنانەوە بۆ پێشوازیی لە دۆسییەی کوردی.

### ئیسرائیل لە عێراقدا

**نووسەر لە درێژەی باسەکەیدا کەوا نیشان دەدات کە لە عێراقدا پێگەی ئیسرائیل هەیە بە بەردەوامی و کورد بەهۆکاری ئەم بوونە دەزانێت و دەڵێت...**

ئیسرائیلییەکان لە باکووری عێراقدا چالاکی دەکەن و بونیان هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ئێران و سوریا و ناوچەی عەرەبی بەگشتی چالاکییەکانیان لە کوردستاندا لە ڕواڵەتدا بازرگانییە و لە ناوەڕۆکدا سەربازییە و مەشق بە یەکە سەربازییە تایبەتییەکانی کورد دەکەن و ئەمەش زۆر ترسناکە.

ئامادەگیی ئیسرائیلییەکان لە عێراقدا گەشتۆتە ڕادەیەک کە لە لێپرسینەوە لەگەڵ گیراوەکاندا لە زیندانەکانی عێراقدا ئەوان بەشدارن.

**لە درێژەی ئەم باسەدا نووسەر دەڵێت:**

هەمیشە دەروازەکانی عێراق جێگەی چاوتێبڕینی ئیسرائیل بوون ئێستاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە تەنیا ئەمەریکا نەبوو بگرە ئیسرائیل نەخشەکێشی مەسەلەیەکە ئەویش لە ڕێگەی کارتی کوردەوە کە بە درێژیی مێژوو هاوکاربووە بە مەبەستی بە واقعکردنی خەونی

مێژینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆیان...

ئامانج لە هێنانی چالاکییەکانی ئیسرائیل تەنیا مێژینەی دیرۆکیی نییە لەلایەن کوردەکانەوە بەڵکو دەرکەوت کە هەوڵدانە بۆ جیابوونەوە و پچڕان لە عێراقی عەرەبی ئەمەش ناوچەکانی بەلقانمان دێنێتەوە یاد کە چۆن لە ئاکامی لێکترازاندا تووشی شەڕی خوێناوی ناوخۆیی بوون.

ئەم هەوڵی دابڕانەش کە کوردەکان دەیکەن لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تری عێراقە،...

سەرباری ئەوەی کوردەکان لە دوێنێ و ئەمڕۆدا بەردەوام تەونی جیابوونەوە دەچنن و سیاسەتی نێودەوڵەتیش سەرقاڵی مەسەلەکانی کوردە وەک تایبەتمەندییەکی عەقڵی.

پرسیار لەوەدایە بۆچی کوردەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ شمشێری درەوشاوەن لە دەستی ئەو دەوڵەتانەی کە لێی دەژین؟

**ناوبراو لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەڵێت:**

دەرخستن و باسکردنی «دەوڵەتۆکەی کوردی» دەنکۆکەی درەوشاوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەیە، بەڵام ئەمە سەختە لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەیە بەڵام ئەمە سەختە لە نەخشەی سیاسیدا.

### جوگرافیایەکی هەڵوەشاوە و حوکمی زانی

دەکرێت بڵێین کوردەکان لە جوگرافیادا پارچە پارچەن و بەردەوام لە چیاکانەوە بەرەو نێوان ڕووبارەکان هاتوون لە میزۆپۆتامیا، نەخشەی کوردستان جگە لە چەند هێڵێکی خوار وخێچ هیچی تر نییە و بە درێژایی مێژوو ئەم نەخشەیە هەروابووە، بەڕادەیەک لەگەڵ ئەرمەن و تورک و عەرەبدا تێکەڵ بوون.

کوردەکان لەناوچەکانی دیاربەکر و ماردین تێکەڵی تورکەکان بوون لە عێراقیش لەسەرووی وڵاتەوە تێکەڵی عەرەب و تورکمان بوون بەڵام لە ئێراندا نەخشەکەیان دیارە لە دەریاچەی ورمێوە تا کرماشان.

**لە مەسەلەی پارچە پارچەبوونی جوگرافیا و مەسەلەی زماندا د. نەسیم ئەلخوری دەڵێت**

کوردەکان بە زۆرێک زاراوە دەدوێن لەوانەش هند و ئەورووپی کە نزیکە لە ئێرانییەوە و جگە ئەوە زمانی دیکە نازانن ئەو زاراوانەش بریتین لە کرمانجی و سۆرانی و هەندێکی تر کە دیارترینیان زازاییە.

### دەرەنجام

لێرەوە بەو ڕاستییە دەگەین کە ئەم تێڕوانینانە بەشێکن لە کلتووری عەرەب بەرامبەر بە کورد و لەو نێوەندەدا چەند کەسێکی زۆر کەم نەبێت ئیدی هیچ دیدێکی بە ویژدان بەرامبەر بەو مەسەلەیە نابینی.

ئەمە مەسەلەیەکی هەستیارە و پێویستی بە دووان و قسە لێکردنی زیاتر هەیە و دەکرێت وەک پڕۆژەیەک بکرێتە بنەما و قسەی لە بارەوە بکرێت.

ئەوە مێژووە لە مێژە بەو جۆرە باس دەکرێت، ئاخۆ کەی ئێمە لە ڕاستی هەڵوێستی بەرامبەرەکانمان دەگەین؟